# دەردو بەڵاكانی زانست

## باسی زانایانی خراپ وبەدو زانایانی ڕۆژی دوایی

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**ابن قدامة المقدسي**


وەرگێڕان: علی عبد الله حسن

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ آفات العلم وبيان صفات علماء السوء وعلماء الآخرة ﴾

« باللغة الكردية »

ابن قدامة المقدسي

ترجمة: علي عبد الله حسن

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# دەردو بەڵاكانی زانست

## باسی زانایانی خراپ وبەدو زانایانی ڕۆژی دوایی

زانای بەدو خراب : ئەوانەن كە مەبەستیان بەزانست ڕابواردن وخۆش گوزەرانیە لە دونیادا وگەیشتنە پلەوپایە لای خاوەن دەسەڵاتەكانە، ئەبو هەرەیرە ( ڕەزای خوای لێ بێت ) ڕیوایەتی كردووە لە پێغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) كە فەرموویەتی: « من تعلم علما مما يبتغي به وجه الله عزّ وجل، لا يتعلمه إلا ليصيب به عرضا من الدنيا، لم يجد عَرْفَ الجنة يوم القيامة »[ فەرموودەیەكی سەحیحە، ئەبو داود ڕیوایوتی كردووە بەفەرموودەی ژمارە (٣١٧٩) ئیمامی ئەحمەدیش بەفەرموودەی ژمارە (٨١٠٣) ڕیوایەتی كردووە) ] واتە : هەركەسێ زانیاریەك فێرببێت، مەبەست لە وزانیاریەدا ڕەزامەندی خودای مەزن نەبێت وتەنیا بۆ ئەوە فێری ببێت ماڵی دونیای پێ بەدەست بێنێت بۆنی بەهەشت ناكات لە ڕۆژی قیامەتدا ) .

وە لە فەرموودەیەكی تریشدا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « من تعلم العلم ليباهي به العلماء، أو يماري به السفهاء، أو يصرف به وجوه الناس إليه، فهو في النار » ] فەرموودەیەكی سەحیح لغیرە، تیرمیزی بەفەرموودەی ژمارە (٢٥٧٨) وە ئیبنو ماجە

بەفەرموودەی ژمارەی (٢٤٩) ڕیوایەتیان کردووە] واتە : کەسێك خۆی فێری زانیاری بکات بۆ ئەوەی خۆی پێوە هەڵبڕێ لەناو زانایاندا یان کەسانی ساویلکە وگەوجی بێ فریوبدات، یان سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی پێ ڕاکێشێ، ئەو کەسە لە ناو ئاگردایە .

فەرموودە لەم بارەیەوە زۆرە ، هەندێ لە زانایانی پێشین وتوویانە: ئەوەی کە زۆر پەشیمانە لە کاتی مردندا زانایەکی لە ئەندازە دەرچوە ( مفرط ) وە بزانە ئەوەی کە پێویستە لە سەر زانا هەڵسانە بە فەرمان بەچاکە وقەدەغەکردنی خراپە، مەرج نییە واز لە دونیا بێنێت ئەو شتانەی کە ڕەوایە وازی لێ بێنێت، ئەوە کەپێویستە لە سەری زۆر لە دونیادا ڕۆنەچێت وبە پێی توانا کەمی بکاتەوە، چونکە هەموو لاشەیەك دەتوانێ خۆی ڕابهێنێت لە سەر کەم خۆری، بەڵام خەڵکی جیاوازن و وەك یەك نین، ڕیوایەت کراوە لە سوفیانی سەوریەوە ( ڕەزای خوای لێ بێت) کە خۆش خۆر بووە دەیفەرموو: بێگومان چوار پێ_ ولاغ_ ئەگەر باش نەبێت لە ئالیك پێدانیدا _العلف_ ئیش ناکات .

ئیمامی ئەحمەد ( ڕەزای خوای لێ بێت ) لە سەر زبری ژیان خۆی ڕادەگرت، لە سەر کاری گرانیش، سروشتی مرۆڤ جیاوازە،

وەلە ڕەوشتەکانی زانایانی ڕۆژی دوایی دەبێت بزانن کە دونیا سوك وبێنرخە، ڕۆژی دوایی بەڕێزو قەدرە، دژ بەیەکن ئەوان ڕۆژی دوایی هەڵدەبژێرن، کردارەکانیان دژی قسەکانیان نیە، هەمیشە ئارەزویان زانیاری بەسودە بۆ ڕۆژی دوایی خۆیان دوور دەگرن لە وزانستانەی کەم سوودن ئەو زانستانە هەڵدەبژێرن کە زۆر بەکەڵکن وەك ڕیوایەت کراوە لە شەفیقی بەڵخیەوە کە وتوویەتی بەحاتەم: ماوەیەك لە گەڵم ژیانت بەسەربردووە چی فێر بوویت؟ ئەویش ووتی: هەشت شت.

یەکەم: من سەیری خەڵکم کرد، هەرکەسە وخۆشەویستیەکی هەیە، کاتێ کە گەیشتە ناو گۆڕ خۆشەویستەکەی لێی جیادەبێتەوە، منیش چاکەکانم کردۆتە خۆشەویستی خۆم بۆ ئەوەی لە گۆڕدا لە گەڵم بێت.

دووەم: من سەیری ئەو فەرموودەی خودای مەزنم کردووە کە دەفەرموویت: ﴿وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ﴾ [النازعات:٤٠] واتە : بەڵام ئەوەی لە پایەو شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروستی..

منیش هەوڵم داوە لەگەڵ دڵم کەپاڵ بە ئارەزووە بنێت، هەتا لەسەر خواپەرستی جێگیر بووە.

سێیەم: من دیومە هەرکەسە شتێکی بەنرخی لەلایە دەیپارێزێت پاشان سەیری ئەم ئایەتەی خودای مەزنم کرد کە ئەفەرموویت: ﴿مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍۗ﴾ [ النحل:٩٦] واتە : ئەوەی ئێوە لەلاتانە لە ناو دەچێت، ئەوەی لەلای خودا هەیە هەردەمێنێت.

هەرکاتێك شتێك لەلام بەنرخ بووە داومەتەوە بە ئەو هەتا لەلای خوا خۆی بۆم بمێنێتەوە.

چوارەم: من خەڵکم دەبینی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ وسامان وبنەماڵەو قەدر وڕێز، کە هیچ سوودێکی نییە، سەیری ئەم ئایەتەم کردووە کە خودای مەزن دەفەرموویت: ﴿إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ﴾ [الحجرات:١٣] واتە : بە ڕێزترینتان لەلای خودا، پارێزگارترەکانتانە.. ئیتر لە تەقوا وپارێزگاریەوە فێری ئەوە بووم کە لای خودا بەڕێز بم .

پێنجەم: من خەڵکم دەبینی ئیرەییان _ حەسودیان_ بەیەکتری دەبرد، سەیری ئەم ئایەتەم کرد کە خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿نَحۡنُ قَسَمۡنَا بَيۡنَهُم مَّعِيشَتَهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ﴾ [الزخرف:٣٢] واتە : ئێمە

بژێوی ئەوانمان لەسەر دونیا بۆ بەش کردوون .. ئیتر وازم لە ئیرەیی هێنا.

شەشەم: دەم بینین دووژمنایەتی یەکتری دەکە، سەیری ئەم ئایەتەم کرد کە خودای مەزن دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا﴾ [ فاطر:٦] واتە : شەیتان دووژمنی ئێوەیە، سائێوەش بە دوژمنی خۆتان بگرن .. ئیتر وازم لە دووژمنایەتی ئەوان هێنا، تەنیا شەیتانم کردە دووژمنی خۆم.

حەوتەم: خەڵکیم دەبینی خۆیان ڕیسواو داماو دەکەن لە چوون بەدوای ڕۆزیدا، منیش سەیری ئەم ئایەتەم کرد کە خودای مەزن دەفەرموویێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا﴾ [هود:٦] واتە : لەم زەوییە هەر شتێك دەجوڵێتەوە گشتی ڕۆزی لەسەر خودایە.. ئیترخۆم سەرقاڵ کرد بەو شتانەوە خودا لەسەری داناوم وئەوەی هەمە لەلای ئەو دامناوە.

هەشتەم: خەڵکیم دەبینی پشتیان بەبازرگانی وپیشەسازی وتەندروستی ولەش ساغی خۆیان دەبەستن.. منیش پشتم بەخودا بەست ..

وەلە ڕەوشتەکانی زانایانی ڕۆژی دوایی ئەوەیە دڵیان تەنگ ونارەحەت دەبێ بە چوون بۆ لای سوڵتان ودەسەڵاتداران،

وخۆیان دوور دەگرن لە تێکەڵاویان.. حوزەیفەی کوڕی یەمان ( ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: خۆتان لادەن لە شوێنی بەڵاکان ( الفتن ) ووترا: کامانەن؟ ووتی: دەرگای کاربەدەستان، هی واتان هەیە دەچێت بۆ لای کاربەدەست، بە درۆوە دەڵێ ڕاست دەکەی شتێك ئەڵێ کە ئەو کەسە تێیدا نیە.

سەعیدی کوڕی موسەییب فەرمووی: کاتێ دیتان زانا لە کاربەدەست ترسا، خۆتانی لێ بپارێزن ئەوە دزوو قۆڵ بڕە، هەندێ لە زانایانی پێشینە وتویانە: بێگومان تۆ هیچ شتێ لە دونیای کاربەدەستەکان وەرناگری هەرگیز ئەوان زیاتر زیان لە دینی تۆ ئەدەن .

وە لە ڕەوشتەکانی زانایانی ڕۆژی دوایی: پەلە ناکەن لە فەتوادانداندا، هەتا تەواو ئەزانن ئەو فەتوایە کە ئەیدەن ڕاستە، فەتوا نادەن، زانایانی پێشینە خۆیان لە فەتوادان دوور دەگرن وهەرکەسەیان ئەینارده لای ئەوی تر هەتا دەگەڕایەوە لای یەکەم کەس .

عەبدو ڕەحمانی کوڕی لەیلا فەرمووی: لەم مزگەوتەدا گەیشتوم بە سەدو بیست لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) هیچ کەسێك پرسیاری فەرموودەیەك

یان فەتوایەکی نەکردووە مەگین ئەو هاوەڵە حەزی کردووە برایەکی لە جێگەی ئەو وەڵام بداتەوە، کەچی ئێستا وای لێ هاتووە کەسانێ پەیدا بووە ئەمڕۆ خۆیان بە زانا دەزانن، وەڵامی هەندێ پرسیار ئەدەنەوە، ئەگەر بخرایەتە بەردەستی عومەری کوڕی خەتتاب ( ڕەزای خوای لێ بێت ) هەموو خەڵکی بەدری کۆ دەکردەوە وڕاوێژی پێ دەگرتن.

وەلە ڕەوشتەکان زانایانی ڕۆژی دوایی: زۆری لێکۆڵینەوە وگەڕانیان بووە لەسەر ئەو زانستی کاروکردەوانەی کە خراپ بوون و دڵەکان تەڵخ ولێڵ و ژەنگاوی دەکەن وتووشی ووەسوەسەیان دەکەن، چونکە وێنە ونمونەی ئاکارەکان ئاسان وسادەیە، بەڵام ماندو بوونەکە لە پاك کردنەوە وپاڵاوتنیدایە.

بنەمای دینییش ئەوەیە : کە مرۆڤ خۆی بپارێزێت لە خراپە، خۆیشی ناپارێزرێ لە خراپە هەتا ئەو خراپەیە نەناسێت.

وەلە ڕەوشتەکانی زانایانی ڕۆژی دوایی ئەوەیە : لێکۆڵینەوە لە نهێنیەکانی ئاکارە شەرعیەکان دەکات ، وە تێبینی لە حوکمەکانیشی دەکات، خۆ ئەگەر توانای زانینی هۆکار وعلەتی حوکمەکانی نەبوو ئەواخۆی تەسلیمی شەرع دەکات.

یەکێکی تر لە ڕەوشتی زانایانی ڕۆژی دوایی ئەوەیە : شوێنکەوتوی هاوەڵەکانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) و باشترینی ناو تابیعینەکانە و هەمیشەیش خۆی دەپارێزیت لە بدعە و داهێنراوەکانی ناو دین ...

خوای گەورە بمانگێڕێت لە قوتابی زانایانی ڕۆژی دوایی و بەدووریشمان بگێڕێت لە زانای خرا و شوێنکەوتوانیشیان ...